# ئامێری ئاشکراکردنی درۆ ( پۆلیگراف)

پارێزەر/ زەردەشت ئیدریس

هەرچەندە (ئامێری ئاشکراکردنی درۆ) بەکاردەهێنریت لەلایەن وڵاتان وبەشەکانی پۆلیس وبوارە بازرگانییەکان بەکاری دەهێنن بو دڵنیابون لە ڕێگاکانی ئاشکراکردنی ڕاستی، بەڵام ئەنجامەکانیان زۆرجار ورد و راست نین.

دەتوانین بە (ئامێری ئاشکراکردنی درۆ) بڵێین ئاشکراکردنی هەڵچوونەکان وداچوونەکان، ئەمەش بە پێوانەکردنی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە جەستەی مرۆڤەکە ڕوودەدات لە کاتی قسەکردنیدا. ئامێری پۆلیگراف گۆڕانەکانی وەک (لێدانی دڵ،هەناسەدان،پەستانی خوێن،چالاکی کارەبای پێست (G.S.R) تۆمار دەکات.

لە بەشی یەکەمی: تاقیکردنەوەی پۆلیگراف (تۆ) بە ئەلیکترۆنیەوە بە ئامێرەکە دەگەیەنرێت وپاشان چەند پرسیارێکی لابەلای لێدەکرێت وەکو (ناوت چییە؟ کارت چییە؟)

کاردانەوەی جەستەی تۆ وەک ستاندارێک بەکاردێت بۆهەڵسەنگاندنی قۆناغی داهاتوو.

لە بەشی دووەمدا: هەندێک پرسیاری لێدەکرێت کەوا تەنگی پێهەڵبچینرێت وەک کەی بانقەکەت دزی؟

لە کاتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تۆمەتبار کردن، ئەگەر وا دابنێین تۆ کارەکەت کردبێ،ئەوا جەستەت ئاشکرای دەکات هەرچەندە تۆ سوور بیت لەسەر رەتکردنەوەی (لێدانی دڵ،هەناسەدان ،پەستانی خوێن،G.S.R) بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز دەبێتەوە.

ئەمە بیردۆزەیەکە،بەڵام زانایانی دەروونناس دەریان



خستووە کە ئەم ئامێرە جێگەی باوەڕکردن نییە لەگشت کاتدا، لەوکاتەی زۆربەی گۆڕانەکانی جەستە هەمان ئەو گۆرانکارییانەن لە کاتی تێپەربوونی هەموو بوارەکان (کاتی هەڵچوون و باری ئاسایی)یە. هەروەها ئەم ئامێرە ناتوانێت پێت بڵێت لە چ کاتێک هەست بە تۆمەت دەکەین؟ وەک تووڕە بوون یا دوودڵی و ترسان. خەڵکی بێ گوناه لەوانەیە دوودڵ بێت بەرامبەر ئەو هەموو کارکردانە ،لەوانەیە کاردانەوەکەی جەستەییان هەبێ بەرامبەر بە وشەی بانق نەک لەبەر ئەوەی تۆمەتبارن و بانقەکەیان دزیوە، بەڵکو چەکێکیان لە بانقەکە کردوە. لە هەردوو حاڵەتدا ئامێرەکە (تۆمەتبار) تۆمار دەکات .هەروەها کاردانەوەی هەڵەش باوە. هەندێ لە درۆزنانیش راهاتوون و دەتوانن درۆبکەن و بەبێ ئەوەی تێکبچن، هەندێکی تر فێربوونە بەلێدانی ئامێرەکە بە گرژکردنی ماسولکەی لەشیان یا بیرکردنەوەو لە شتێکی بە جۆش یا زانیاریان هەیە لە کاتی پرسیاری لابەلا دا.

لەپەرتوکی TOEFL وەرگیراوە